# عێراق لە دوای یونامی

**پرۆفیسۆر د.** بڕیار شێرکۆ بابان

دوای زیاتر لە بیست و دوو ساڵ، ئەرکی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق – یونامی/UNAMI- لە ڕێکەوتی 1/1/2026ەوە کۆتایی دێت. ئەم نێردەیە دامەزراوەیەکی سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو؛ لە زۆر بابەتی گرنگی سەر شانۆی سیاسیی عێراقی جێپەنجەی دیار بوو. کۆتاییهاتنی ئەکتەرێکی نێودەوڵەتیی ئاستباڵا و تەمەندرێژ، لەوانەیە دەرەنجامی نەخوازراو و مەترسیداری بۆ داهاتووی عێراق هەبێت؛ هەروەها هەندێك لە عێراقییەکان ئەم ڕووداوە بە گەڕاندنەوەی سەروەری لە قەڵەم دەدەن.

لە کۆتاییی ئەم بابەتەدا چەند پێشنیار و سەرنجێك دەربارەی چۆنێتیی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ قۆناغی دوای یونامی دەخەینە ڕوو.

**یەکەم: یونامی چی بوو؟**

لە 14ی ئابی ساڵی 2003، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق بە بڕیاری ژمارە (1500)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا. سەرۆکی ئەم نێردەیە لە هەمان کاتدا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. لە ساڵی 2007ەوە بە بڕیاری 1770، یۆنامی ئەرکەکانی بەرفراوان کرا، بە شێوەیەك زۆر بابەتی هەستیاری لەخۆ گرتبوو، بۆ نموونە: پرسی جێبەجێکردن و ڕێزگرتنی دەستووری عێراق، پرسە ئاسایشییەکان، مافەکانی مرۆڤ، هەڵبژاردنەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا، پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چاکسازیی دادوەری و یاسایی و ئابووری و هتد.

یونامی، پردی پەیوەندی بوو لە نێوان ئەم پرسە هەستیارانەی عێراق و دامەزراوە گرنگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەکوو: ئەنجومەنی ئاسایش و سکرتێری گشتی. بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی، سەدان ستافی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بە هەموو عێراقدا بڵاوەیان پێ کرا بوو؛ لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆکی نێردەکە و دوو جێگرەکەی. یەکێك لە جێگرەکانی تەرخان کرابوو بۆ مەبەستی کاروباری سیاسی و هاوکاریی هەڵبژاردن و، جێگرەکەی تری سەرپەرشتیی کاروباری مرۆیی و پەرەپێدان و نیشتەجێبوونی دەکرد.

**دووەم: عێراق وەکوو دروستکراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکان**

عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان مێژوویەکی زۆر تایبەت کۆیان دەکاتەوە. سەد ساڵ لەمەو پێش، سنووری عێراقی ئەمڕۆ بە بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان لە 16/12/1925 چەسپێنرا. بەپێی ئەم بڕیارە، هەرێمی کوردستان بە مەرج بە عێراقەوە لکێنرا. چەند ساڵێك دواتر لە 3/10/1932 عێراق توانی ببێت بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان. ئەم بەئەندامبوونە، بوو بە هۆکار بۆ سەربەخۆبوونی عێراق.

لە ساڵی 1946، بە بڕیاری ژمارە (24)ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەفەرمی نەتەوە

یەکگرتووەکان جێی کۆمەڵەی گەلانی گرتەوە. عێراق بەردەوام بوو لە ئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان تاوەکوو ئەمڕۆ. لە لایەکی ترەوە، بڕیاری ژمارە (688)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1991ەوە.

شایانی گوتنە، لە ساڵی 1991ەوە تاوەکوو ئەمڕۆ، عێراق مەیدانێکی زۆر بەپیت بووە بۆ چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر لەو ساڵەوە، کەم تا زۆر، بەشێك لە کایەی ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەتاوەکوو سیاسیی عێراقیش لەدەستی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە. پێویستە بڵێین، نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق بە پەروەردەی دەستی خۆی دادەنێت و، هەوڵی داوە بیپارێزێت. پاڵپشتی سەرەکی بووە لە داڕشتن و تێپەڕاندنی دەستووری عێراقی ساڵی 2005، هەروەکوو لە بڕیارەکانی ژمارە 1546 و 1637ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دیارە.

ژمارەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە عێراق، (٨٠) بڕیاری تێ پەڕاندووە. بڕیارەکان "بۆ" یان "دژی" عێراق دەرچوونە. زۆربەی زۆری بڕیارەکان، جێبەجێکردن و خەرجیی داراییەکانی خراوەتە سەر ئەستۆی عێراق. ئەم وڵاتە کراوە بە تاقیگەیەک بۆ بڕیارە جۆربەجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. یونامی لە بەشێکی ئەو ڕووداوە بەشداریی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی هەبووە.

**سێیەم: سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق**

لە ساڵی ١٩٩١ەوە، عێراق کێشەی سەروەریی هەیە. لە ماوەی نێوان ١٩٩١ – ٢٠٠٣ خرایە ژێر گەمارۆیەکی توندی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. عێراق نەیدەتوانی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و یاساییەوە سەروەریی خۆی وەکوو دەوڵەتێکی ئاسایی پیادە بکات. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ کەوتە ژێر هەژموونی دوولایەنەی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە لایەکەوە و، لە لایەکی ترەوە ئێران.

سیاسەتێکی فرەلایەن هەیە بۆ گەڕاندنەوەی سەروەریی عێراق، کە لە ساڵانی حوکمڕانیی "نووری مالیکی" لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٤ هەستی پێ کرابوو و بەتایبەتی دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ و کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١١. کەچی دواتر دوای داگیرکردنی ڕووبەرێکی فراوان لە خاکەکەی لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە، عێراق ناچار بوو ڕێگە بە گەڕاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانیی جیهانیی دژی داعش بدات؛ لە سەرووی هەموویانەوە هێزەکانی ئەمریکا.

لایەنگرانی سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری، ڕەنگدانەوەی بەسەر ناوی هاوپەیمانیی دروستکردنی حکوومەتی "محەمەد شیاع سوودانی"دا هەبوو و ناوی لێ نراوە "هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت". ئیدارەی دەوڵەت و سەروەری، دوو دەستەواژەی نزیک لە یەکن، چونکە ئیدارەی دەوڵەت کارێکی هەرە ئاساییی هەموو حکوومەتێکە لە جیهان؛ بەڵام نەدەکرا ناوی لێ بنرێت "هاوپەیمانیی سەروەری" (تحالف السيادة)، لەبەر ئەوەی سوننەکان کە بەشدار بوون لە حکوومەتەکەی سوودانی، ئەو ناوەیان لە هاوپەیمانێتییەکەیان نابوو.

نیشانەیەکی تری سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری، بریتییە لە بڕیاری دادگەی باڵای ئیتیحادی، تایبەت بە نادەستووریبوونی ڕێککەوتننامەی عێراق و کوێت دەربارەی "خۆر عەبدوڵڵا" کە لە ڕێکەوتی ٤/٩/٢٠٢٣

دەرکرا و، تاکلایەنە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی دوولایەنەی نێوان کوێت و عێراقی لە ٢٩/٤/٢٠١٢ ڕاگەیاند؛ واتە دادگە داوای گەڕاندنەوەی سەروەریی خاکی عێراق بۆ سەر خۆر عەبدوڵڵا دەکات.

هەندێ جار هەست دەکرێت لایەنگرانی سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری، زیادەڕەوییی تێدا دەکەن: لە ئاستی ناوخۆیی بە شێوەی "دژەفیدراڵییەت" کار دەکەن و لە جیاتی جێبەجێکردنی فیدراڵییەت، داوای "بەناوەندیکردن"ی توند لە بەغداوە دەکەن.

هەروەها سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری لە ئاستی نێودەوڵەتی، بەو شێوەیە کاری لەسەر دەکرێت کە بابەتێکی وەکوو "جینۆساید"، کە سروشتێکی تەواو نێودەوڵەتیی هەیە، بچووک بکرێتەوە و بەناوخۆیی بکرێت، هەروەها کۆتاییهاتن بە "یۆنیتاد - UNITAD" (تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش) لە ساڵی 2024، وەکوو نیشانەیەکی تری ئەم سیاسەتە دەردەکەوێت.

کەواتە لە چوارچێوەی سیاسەتی گەڕاندەوەی سەروەری بۆ عێراق، حکوومەتی سوودانی بە ئاسانترین لایەنی نێودەوڵەتی دەستی پێ کرد، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو و بەرەبەرە وەکوو کاردانەوەیەکیش دژی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە، بڕیاری کۆتاییپێهێنان بە یۆنامی درا.

**چوارەم: مەترسییەکانی دوای یونامی**

ئەو ماوە درێژەی مانەوەی یۆنامی، وای کردبوو کە ئەم دامەزراوەیە وەکوو بەشێك لە دامەزراوەکانی عێراقی دوای ساڵی 2005 لێ هاتبوو. هەر چەند مانگ جارێك، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی، دەچووە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ لەوێ بابەتە سیاسی و گرنگەکانی عێراقی لە پێش پازدە دەوڵەتەکەی ئەندام لەم ئەنجومەنە دەخستە بەر باس و شرۆڤە و ڕای جیاواز. واتە عێراق بۆ ماوەی 22 ساڵ خرابووە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش.

کەواتە لەمەودوا ئەم جۆرە چاودێری و کۆنترۆڵە نامێنێت و هەندێك پرسی هەستیار لەژێر دەستی تەواوی عێراقییەکاندا دەبن. گرنگترین ئەو پرسانەیش بریتی دەبن لە: ئاشتبوونەوە و گفتوگۆی نیشتمانی، نێوەندگیریکردن لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی و نزیککردنەوەیان، هەڵبژاردن و چاودێریکردنی هەڵبژاردن، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، مافەکانی مرۆڤ، مافی پێکهاتە و کەمایەتییەکان و پەنابەرەکان و کۆچبەرە ناوخۆییەکان، مافە تاکەکەسییەکانی تر و، پرسی چاکسازیی یاسایی و کارگێڕی و دارایی.

سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتدارە عێراقییەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان بە ڕۆڵی یۆنامی نەدەدا، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی، بەڵام نەمانی ئەم چاودێرییەی یۆنامی بۆ سەر عێراق، لەوانەیە کاریگەریی نەرێنیی هەبێت. نایشتوانین بڵێین کە نێردەی تایبەتی نوێی ئەمریکا بۆ عێراق شوێنگرەوەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت چونکە ئەرکەکانیان و ئامانجەکانیان و چۆنێتیی کارکردنیان زۆر جیاوازن.

ئەگەر لە گۆشەنیگای هەرێمەوە تەماشای بابەتەکان بکەین، پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: هەڵوێستی بەغدا

بەرامبەر هەرێم لەم 10 ساڵەی کۆتاییدا لەژێر چاویلکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەو شێوەیە نەرێنی و پڕلەکێشە بوو، ئایا بەبێ چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پەیوەندییە چۆن دەبێت؟

**پێنجەم: هەڵوێستی هەرێم لە دوای یونامی**

هۆکاری سەرەکیی پێکهێنانی یۆنامی و تەمەنە درێژەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عێراق وڵاتێکە پێویستیی بەوەیە لە ڕووی سیاسییەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری بێت. ئەو هۆکارانەی پێش دوو دەیە بوونە هۆی پێکهێنانی ئەم نێردە سیاسییە، کۆتاییی پێ نەهاتووە بەڵکوو هەندێك بابەت لەوانەیە ئێستا ئاڵۆزتر بووبن، بۆ نموونە: بڵاوبوونەوەی ژمارەیەك گرووپ و میلیشیای دەرچوو لە یاسا و فەرمانی حکوومی، کە چەکی قورس و درۆنی سەربازییان لەژێردەستە و بەکاری دێنن و، پرسی چارەسەرنەبوون و جێبەجێنەبوونی دەستوور و بەبیابانبوون و نەبوونی خزمەتگوزاری و هتد.

ئەگەر حکوومەتی عێراق بەڕاستی ویستوویەتی دەستبەرداری نەتەوە یەکگرتووەکان بێت، بەڵام ئەم ڕێکخراوە نەیویستووە لە عێراق دوور بکەوێتەوە. بەڵکوو بەپێچەوانەوە، بەرەبەری کۆتاییی یۆنامی، نەتەوە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی بەکار هێناوە بۆ نزیککردنەوەی عێراق لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ نموونە: بەئەندامبوونی عێراق لە بۆردی جێبەجێکاری یونسکۆ 2023–2027 و، بەئەندامبوونی لە بۆردی جێبەجێکاری UN-Habitat 2025-2027 و، بەئەندامبوونی لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵانی 2026–2028، دەستنیشانکردنی سەرۆککۆماری پێشووی عێراق، "د. بەرهەم ساڵح" لە پۆستی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران.

سەرەڕای ئەم ئاماژانەی سەرەوە بۆ خۆنزیککردنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە دوای یۆنامی نزیکەی (25) ئاژانس و دامەزراوە و سندووق و بەرنامە و سەکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و هەرێم لە چالاکییەکانی خۆیان بەردەوام دەبن. مانەوە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە دەبێت. ئەگەر پێشتر یونامی ڕۆڵێکی کۆکەرەوەی بۆ ئەو هەموو دامەزراوەیە هەبوو، ئێستا ئەو مەرکەزییەتە نامێنێت؛ شێوازی پەیوەندییەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

دوای کۆتاییپێهێنانی یۆنامی، دەیان ستافی کوردستانی کە لەو دامەزراوەیە کاریان دەکرد، بێکار دەبن ـ هەندێکیان شارەزاییەکی زۆریان پەیدا کردووە. دەکرێت هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی بەرفراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، سوود لە تواناکانی ئەو پیشەکارانە وەرگرێت و پشتگیرییان بکات کە بچنە ناو دامەزراوە گرنگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پۆستی ئاستبەرز وەرگرن و، ببن بە بەشێك لە "لۆبیی کوردستان" لەو ڕێکخراوەیەدا.

هەرچەندە یونامی نامێنێت، ئێمە بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ ئەوەداین، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بێت. لەبیرمان نەچێتەوە، ئەم ڕێکخراوە لە چەندان وێستگەی مێژووییدا پشتگیریی لە خەڵکی کوردستان کردووە. ڕاستە یۆنامی وەکوو نێوەندگیرێك لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق نامێنێت، بەڵام ئێستا دەتوانین بڵێین کە بەدیلی ئەم نێوەندگیرییە نێودەوڵەتییەیش تا ڕاددەیەك هەن، بۆ نموونە: نوێنەری تایبەتی ئەمریکا و باڵیۆز و کونسوڵەکان و خودی ئەو دامەزراوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەسەر خاکی عێراق ماون، دەتوانن لە

پرسە جیاوازەکاندا ئەو ڕۆڵە ببینن.